حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٥٥٦ /
ڕێکەوت : / / ٢٧٢١ کوردی

العدد : ٢
التأريخ : ٢ / ١ / ٢٠٢٢

# گشتاندنی ژمارە ( ٤ )

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب / نوێ کردنەوەی بە کرێ گرتنی خانووبەرە

پێتان ڕادەگەیەنین کەوا بۆ مەبەستی نوێ کردنەوەی گرێبەستی خانو و باڵاخانە بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٢ پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :-

١- بۆ ئەو خانو و باڵەخانانەی کە بە ڕەزامەندی وەزارەتمان لە ساڵی /٢٠٢١ نوێ کردنەوەی گرێبەستیان بۆ ئەنجام دراوە ، نوێ کردنەوەی گرێبەستەکە بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٢ لە دەسەڵاتی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری دەبێت و پێویستە وەزارەتەکان بۆ هەر فەرمانگەیەک کە یەکەی ژمێریاری سەربەخۆی هەیە بە لیستی جیا خانوو باڵەخانە بەکرێ گیراوەکان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان بکەن لەگەڵ وێنەیەك لە ڕەزامەندی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندیدار بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢١ لە ڕێگەی سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS).

٢- مەرج نیە نوێ کردنەوەی گرێبەستەکان بە هەمان بڕی ساڵی ڕابردوو بێت ، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان دەسەڵاتدارە بە پێداچوونەوەی نرخی ئەو گرێبەستانە ، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی لیژنەیەک دەبێت کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری پێک دەهێنرێت .

٣- لە حاڵەتی گۆڕینی بەکرێ گرتنی خانووبەرە یان بەکرێ گرتنی خانووبەرە نوێ ، پێویستە پێش وەختە هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ لیژنەی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری و بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندیدار بە پێچەوانەوە وەزارەتمان پابەند نابێت بە ڕەزامەندی دان و خەرج کردنی کرێیەکەی .

٤- هەر خانوو یان باڵەخانەیەک بە بێ ڕەزامەندی وەزارەتمان بە کرێ گیرابێت ، هیچ پابەندبوونێکی یاسایی و کارگێری و دارایی ناکەوێتە ئەستۆی وەزارەتمان .

٥- هەر گرێبەستێکی خانوو یان یەکەی نیشتەجێ بوون کە بۆ مەبەستی کەسی ( شخصی ) بەکاردێت لە دەسەڵاتی وەزارەتماندایە .

٧- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/١ ەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**٢٠٢٢/١/**